نووسینی د . زاهیر سوران
20 ی مارسی 2005

# ئەنتیبایۆتیك ، سكپڕی و شیردان

پەیوەندی نێوان دەرمان وەك پێكهاتەیەكی كیمیایی دەستكرد و شیری دایك وەك پێكهاتەیەكی سروشتی زۆر ئاڵۆزە . هەندێك دەرمان لەكاتی سكپڕیدا كاردەكاتە سەر ئاولەمە ولەوانەیە ببێتە هۆی تێكچوونی ، هەندێكی دی پاش منداڵبوون لە ڕێگای شیری دایكەوە دەگەنە كۆرپە و هەندێك لەو دەرمانانە كاردەكاتە سەر منداڵ بەڵام خۆشبەختانە هەندێكی تریان هەرچەندە دەگەنە كۆرپەلە بەڵام هیچ كاریگەری خراپیان نییە بۆ سەر لەشی شیرەخۆرە .

سەرەتا پێویستە دەرمان لە لەشدا بمژرێت و بگاتە پلاسمای دایك و پاشتر بگاتە شانە دەردەرەكانی مەمكە گرێ . هەركاتێك ژنی شیردەر بە هۆی نەخۆشییەكەوە بەمەبەستی چارەسەركردن پێویستی بە دەرمان بوو ئەوا دەبێت پزیشك بە وردی و ئاگاوە بە پێی پێویست بۆ ماوەیەكی دیاریكراو دەرمانی بۆ بنووسێت تا ڕێژەیەكی بەرزی دەرمانەكە لە ڕێگای شیرەوە نەگاتە شیرەخۆرە و زیانی پێنەگەیەنێت .

| ئەنتیبایۆتیك | كاریگەری بۆ سەر كۆرپەلە |
|---|---|
| دۆكسیسیلین (دۆكسیفێرم ، ڤیبرامایسین) | تا ئەمڕۆ نێگەتیف كاری نەكردۆتە سەر كۆریە |
| پێنسیلینەكان (ئەمپیسیلین ، ئەمۆكساسیلین ، پیڤامپیسیلین) | ڕێژەی خەستی لە شیردا زۆر كەمە |
| سێفالۆسپۆرینەكان (سێفادرۆكسیل ، لۆراكاربێف) | كاریگەری نێگەتیفی لە گەڵ ماوەی چارەسەركردندایە |
| زیناسێف (سێفورۆكسیم) | بە ڕێژەیەكی كەم دەگاتە منداڵ |
| تریمێتۆپریم و ئێریترۆمایسین | دەگاتە منداڵ، مەترسی بەندە لەسەر ماوەی چارەسەركردن |
| فلاگیل (میترۆنیدازۆل) | دەگاتە منداڵ، مەترسی بەندە لەسەرماوەی چارەسەركردن |
| سایپرۆكسین (سایپرۆفلۆساسین) | دەگاتە منداڵ |
| لێكسینۆر (نۆرفلۆكساسین) | زانیاری تەواو لەسەری نییە |
| سولفامیدەكان (سولفاسالازین) | دەگاتە منداڵ |

## نابێت ئەم دەرمانانە بدرێت بە ژنی ئاووس لەبەرئەوەی نیشانەی لاوەكییان هەیە بۆ سەر ئاولەمە

– هەموو تێتراسایكلینەكان( Doxyferm, Vibramycin ) زیان بە دان و پەیكەری ئێسكی دەگەیەنێت .
– كلۆرامفێنیكۆڵ ، (chloramphenicol) نابێت لە 3 مانگی ئاووسیدا و شیرداندا بەكاربهێنرێت .
– ئیمیپێنام (Tienam) نابێت لە كاتی ئاوسیدا بەكاربهێنرێت .
– سولفە تریمێتۆپریم (Bactrim ) نابێت لە 3 مانگی ئاووسیدا بەكاربهێنرێت .
– كلیندامایسین (Dalacin) دەتوانرێت لەكاتی سكپڕیدا بەكاربهێنرێت بەڵام لەكاتی شیرداندا قەدەغەیە .
– ئەمینۆگلیكۆسەكان (Biklin, Garamycin, Nebcin, Netilyn) كۆرپەلە ژاراوی دەكەن ، نادرێت بە ئاوس .
– تینیدازۆڵ (Fasygyn) نابێت لە كاتی ئاووسیدا و شیرداندا بەكاربهێنرێت .
– كینۆلۆلەكان (Ciproxin, Tarivid, Lexinor,Raxar) نابێت لە كاتی ئاووسیدا و شیرداندا بەكاربهێنرێت .

### سەرچاوە

1. Agneta Philipson, Lars Ladfors. antibiotika under graviditet. www.medscinet.se . 050320 ©
2. Rekommenderade läkemedel 1997, sydvästra sjukvårdsområdet och Huddinge Sjukhus. läkemedel och amning.